Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.9

# بەبەرهەمیی پڕۆسەو توخمەکانی بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیی و فارسییدا

**مستەفا حمه عبدالرحمن** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین- ڕانیە- هەرێمی کوردستان عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Mustafa Hama Abdalrahman
mustafa.hama@uor.edu.krd

RECEIVED :18 /08/2024
ACCEPTED :04/11/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
فەرهەنگ،
زانیاریی فەرهەنگیی،
بەبەرهەمیی،
لێکدان،
پرۆسە/پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی.

## پوختە

توێژینەوەکە بۆ ناونیشانێکی وەک(بەبەرهەمیی (productivity)پرۆسەو توخمەکانی (elements) بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیی و فارسیی(دا تەرخانکراوە، کە بۆ دیاریکردنی پرۆسەی لێکدان (compounding)و بەبەرهەمیبیەکەیەتی لە زمانی کوردیی و فارسییدا. هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بۆ دیاریکردنی ئەو پرۆسەیەو بەبەرهەمیی خودی پرۆسەکەو ئەو توخمانەیە، کە لە لێکدان (compounding)پاشان لێکدراودا (compound)ڕۆڵیان هەیە. پاشان هەمان بنەما بەسەر زمانی فارسییدا جێبەجێکراوە. توێژینەوەکە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە پرۆسەو توخمە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی لێکدان، پاشان لێکدراوەوە بەبەرهەمەو ئەلتەرناتیڤە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ بەرهەمهێنانەکە بەکاردەهێنرێت، کەچیی لە زمانی فارسییدا پرۆسەکە بۆ بەرهەمهێنانەکە کەمچالاکەو زمانەکە پشت بە هێنان و هەژمونی زمانی عەرەبیی دەبەستێت. توێژینەوەکە سەرەڕای ڕێبازی پەسنیی شیکاریی descriptive, analytical method لە نێوان ئەو دوو زمانەدا بەراوردکاریی کردووە. وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا کەرەستەی توێژینەوکە لە هەردوو ستانداردی کوردیی و فارسیی وەرگیراون.

کلیلە وشەکان: فەرهەنگ، زانیاریی فەرهەنگیی، بەبەرهەمیی، لێکدان، پرۆسە/پێواژۆی، مۆرفۆلۆژیی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەبەرهەمیی پرۆسەو توخمەکانی بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیی و فارسییدا)، مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، نیشاندانی بەبەرهەمیی پرۆسەو توخمەکانی بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراوە لە نێوان هەردوو زمانی فارسیی و کوردییدا. نیشاندانی جیاوازی بەرهەمی پرۆسەی لێکدانە لە هەردوو زمانەکەدا. کاری ئەم توێژینەوەیە لە سنوری کرمانجی ناوەڕستدایە، کەرەستەو داتای توێژینەوەکە لە زمانی ستانداردی کوردیی و زمانی فارسی وەرگیراوە. توێژینەوەکە بە ڕێبازی پەسنیی و بە شێوەیەکی سنووردداریش ڕێبازی شیکاریی ئەنجامدراوەو بۆ بەراوردکردنی داتاو پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا ڕێبازی بەراوردکاریی بەکارهێنراوە دەستنیشانکردنی پێرەوبەندانەی لێکدان و بەبەرهەمیی توخمەکانی لێکدان لە هەردوو زمانی کوردیی و فارسییدا بە گرفت زانراون بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوەدەکرێت، لە بەشی دووهەمدا زانیاری توخمە فەرهەنگییەکان بەوردی باسی لێوەدەکرێت، بەشی سێیەم تەرخانکراوە بۆ جیبەجێکردنی پرۆسەی لێکدان و دەرخستنی جیاوازی بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە هەردوو زمانی (کوردیی و فارسیی)دا.

## ١: چوارچێوەی توێژینەوەکە:

زمانی کوردیی لە زمانە لکاوە تێکچرژاوەکانە، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەربڕینەکانی ناسادەن، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردییەوە، زۆربەی ناو و کردارەکان پەیوەست بە وشەی لێکدراوەوە، لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار، یان زیاتر لە فەرهەنگی کوردییدا پەیدابوون، وشەی لێکدراو ئەو وشە ناسادەیە، کە لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار، یان زیاتر پێکدێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، وەک ( چاوکاڵ، بەردەنوێژ).( عەبدولا، ٢٠١٣، ١٥٥).

ئەورەحمانی حاجی مارف لەبارەی وشەی لێکدراو دەڵێت: " وشەی لێکدراو ئەو وشەیە کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی وتاداری تێدابێت" ( حاجی مارف، ٢٠١٤، ١٠٣).

هەر لەم ڕووەوە پرۆسەی لێکدان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە ڕێگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەوە وشەیەکی نوێ بەرهەمدێت، پرۆسەی لێکدانیش بە دوو شێوە جێبەجێ دەکرێت، هەندێکیان بە مۆرفیمی لێکدەر و ئەوانی تریش بەبێ مۆرفیمی لێکدەر. وەک: (دەستنوێژ، ڕەشماڵ، شاهەنگ، پیاوکوژ..... هتد)، ئەوانی تر بە ئامرازی لێکدەر بەرهەمدێن وەک: (گوڵەباخ، هێلکەورۆن، شاخەڕەش،..... هتد). (موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ٦٦).

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە بە وردی تیشکی بخەینە سەر، بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان و دەرخستنی جیاوازی بەبەرهەمیی پرۆسەکە بە دیاریکراوی لە نێوان هەردوو زمانی (کوردیی و فارسیی)دا بخەینەڕوو، چونکە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردییدا و لە زۆربەی زمانەکانی دونیاشدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی زمان.

پرۆسەی لێکدان ڕێگایەکی گرنگی بەبەرهەمیی گەشەپێدانی فەرهەنگیی زمانە، مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی، بە گشتی لە ڕووی پرۆسەی لێکدانەوە بەبەرهەمە و لە گشت پۆلەرەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کردار)دا ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکات. (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٩٥).

## ٢: فەرهەنگ و زانیاریی توخمە فەرهەنگییەکان:

### ١/٢ ) فەرهەنگ و زانیاری فەرهەنگیی:

لە ناو زمانەوانانداا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ فەرهەنگ کراوە و هەر زمانەوانێک لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی فەرهەنگی کردووە، زۆرجاریش تێکەڵییەک لە نێوان فەرهەنگیی ئاوەزیی و فەرهەنگیی نوسراو یان وشەنامەدا کراوە، بەڵام ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیەتی تیشکی بخاتە سەر، یان باسی لێوەبکات، فەرهەنگیی ئاوەزییە نەوەکوو فەرهەنگیی ئاسایی، چونکە لە مێژووی نووسینی فەرهەنگیی کوردییدا، زۆر فەرهەنگ بەرچاودەکەون، بەڵام بێ ئەوەی ڕەچاوی فەرهەنگیی

ئاوەزیی مرۆڤی کوردییان کردبێت و وێنەیەکی تەواوی فەرهەنگیی ئاوەزیی مرۆڤی کوردییان گواستبێتەوە، بەڵکو تەنیا لێکدانەوەی واتای وشەیان کردۆتە ئامانج، کە ئەمەش دوورە لە فەرهەنگیی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانی کوردیەوە. دەستنیشانکردنی بنەماکانی فەرهەنگ بۆ ئەوەیە، کە دەروازەی زانیاریی توخمەکانی بدۆزرێتەوە، تا بنەماکانی پرۆژەسازدان و مەوداکانی لە زمانی کوردیی و زمانێکی تردا دیاریبکات، چونکە بەبەرهەمیی و هێزی توخمەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ناواخنی توخمەکان هەمان هێز و برشتیان هەبێت. زانیارییەکان لە فەرهەنگدا ناوکیین و بەشێکن لە ناواخنی توخمەکان(elements)، بۆیە ڕێزمان بۆ نواندنی ئەو ناواخنانەیە(بڕوانە ٢/٢).

## ٢/٢) فەرهەنگ و ڕێزمان:

فەرهەنگ سەرچاوەی کۆزانیاری/ مەعریفی زمانیی مرۆڤە، کە لە کەرەستە تیاگەنجکراوەکانییدا، کە فۆنێم و مۆرفێم و وشەکانن، زانیاری فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی وسینتاکسیی و واتاییەکان هەڵگیراون.( معروف و غەریب،٢٠٢١، ٥١). سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو بە کەرەستەو یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی کاردەکات، بەڵام بە هۆی هەڵگری زانیارییەکانەوە فەرهەنگ جڵەوی ڕێزمان دەگرێت بڕوانە هێڵکاری (١) خودی ڕێزمانیش ئەو زانیاریانە دەنوێنێت، کە لە ڕێزماندا هەڵگیراون(سەعید، ٢٠٢٠، ٣٢، ٣٣).

هێڵکاری(١)



بەوپێیە هێڵکارییەکە زانیاریی فەرهەنگیی لەبارەی توخمە فەرهەنگییەکان بۆ هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی خستۆتەڕوو، بەڵام ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان تایبەتکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو توخمە فەرهەنگییانەی، کە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدارن، واتە بەبەرهەمیی توخمە فەرهەنگییەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو بە واتای نوێوە، ئەوەش لە پێناو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی زمانی کوردییدایە. وەک لە پێناسەی فەرهەنگەوە خرایەڕوو، فەرهەنگ کۆزانیارییە ڕێزمانییەکانی تێدا گەنجکراوە، زانیارییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و واتاشەوە، بەشێکی ناوەخنی (X)ەکان، بەوەش (X)فرە زانیارییەن لە ڕێزماندا زانیارییە شاراوەکانیان دەنوێنرێن. بڕوانە نواندنی ژمارە(١).( مەعروف و غەریب، ٢٠٢١، ٥٢).

نواندنی ١



(١)

بەوپێیەی "کە (X)ەکان کەرەستە فەرهەنگییە دەسەڵاتدارەکانن، کە لە پرۆسەی بەڕێزمانکردنەوە (Grammaticalization) فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی بەرهەمدەهێنن.

(X)ەکان توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرن و (کردارو ناوو ئاوەڵناو و پێشناو...)دەگرێتەوە، کە بوون بە ڕێزمانیان پێشبینیلێکراوە، چونکە هەریەکێک لەوانە خورتیانە لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییدا چالاکن و پرۆژەسازدەرن."(مەعروف و غەریب، ٢٠٢١، ٥٢).

ئەوەمان بۆ ڕوونبۆوە، کە توخمە فەرهەنگییەکان هەڵگری زانیاریی جۆراوجۆرن و لە ڕێزماندا، کە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەگرێتەوە زانیارییەکان دەنوێنرێن، بەو پێیەبێت دەبێت توخمە فەرهەنگییەکانی پەیوەست بە هەردوو ئاستەکە هەڵاوێربکرێن، واتە دەبێت توخمێک پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی دیاربێت، وە توخمێک پەیوەست بە سینتاکس دیاربێت، بۆ ئەمە بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (١).

هاوکێشەی ژمارە (١).

| توخمەفەرهەنگییەکان | کەرەستەی مۆرفۆلۆژیی | کەرەستەی سینتاکسی |
|---|---|---|
| $X^{-1}$ و $X^{0}$ | $X^{-1}$ و $X^{0}$ | $X^{0}$ |

بەپێی هاوکێشەکە هەم وشەی سەربەخۆو هەمیش پێشگر و پاشگرەکان توخمی فەرهەنگین، مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی دارێژراو پێویستی بە هەردوو جۆرە (X)ەکان هەیە، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو پێویستی بە یەک جۆر (X) هەیە، ئەویش ($X^0$)ەکانن، هاوکێشەکە ئەوەمان نیشاندەدات، کە ئاستی سینتاکس تەنیا ($X^0$)ەکان وەک کەرەستەی یان توخمی بەرهەمهێنی سینتاکسیی، کە فرێزەکان سود وەردەگرێت.

٣/٢ ) فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی:

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، "کە فەرهەنگ دەروازەی کۆزانیاری/ مەعریفی زمانی مرۆڤە، ئەوانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون کەرەستەکانن بە نیشانەکانیانەوە" (ئەحمد، ٢٠١٥، ٣٨).

"لە ڕێی هەبوونی ئەو زانیارییانەوە ئاخێوەری گشت زمانێک دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زانیارییە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگیی مێشکی ئاخێوەرانی زمانێکدا تۆمارکراون. زانیاریی پێکهاتەکانی زمان لەگەڵ زانیاریی واتاییدا لای ئاخێوەری گشت زمانێک هەیە، لە کاتی زمانپژانیدا بە زمانی دایکی وەریدەگرێت"(محمد، ٢٠١٦، ٦).

(چۆمسکی) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنێت، کە " ئاستی قووڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشێت"، بەپێی تیۆرەکەی چۆمسکی " فەرهەنگ وەک وشەنامە لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتیین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاری فۆنەتیکیی و واتایین" (مەعرووف، ٢٠١٤، ٩١). فەرهەنگ بڕی ئەو زانیارییەی تێدایە، کە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت وەک زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی، کە بە دەروازەی فەرهەنگیی یان دەروازەی زانیاری ناودەبرێت،

(تامارێز) لە پێناسەکردنی فەرهەنگدا گریمانەی ئەوە دەکات، کە " ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندیی نێوان وشەکانە" (Tamariz, 2004, 2) لە (مەحەمەد، ٢٠١٦، ٦ وەرگیراوە).

## ٤/٢) بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی:

بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژییدا بەشێکە لە توانست و داهێنانی یاسا-جڵەوگیری زمان. "بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژییدا بەچەند جۆرێک خراوەتەڕوو، هەندێک جار لە ڕووی چۆنێتیی و هەندێک جار لە ڕووی چەندێتییەوە باس لە بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی کراوە، هەروەها دیاریکردنی ئەوەی، چی بەبەرهەمە، واتە ئایا یاساکان، یان تەرزەکان، یان وشەکان یان لاگرەکان، کە بەبەرهەمن. لەم ڕووەوە (باوەڕ). " بۆچونی وایە، کاتێک دەڵێین بەبەرهەمیی، ئەوا مەبەست لە هەموو ڕێزمانە(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٣). لەو لایەنەشەوە، کە مۆرفۆلۆژیی بەشێکە لە ڕێزمان و ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لە بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی دەدوێین، کە ڕێگە بە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ دەدات، بەڵام مەرج نییە هەموو وشە بەرهەمهێنانێک بەبەرهەمبێت، بۆ ئەوەی نیشانیبدەین، کە بەبەرهەمە، پێویستە لە قسەکردنی گشتییدا فرەجاربێت"(باوەڕ، ٢٠٠١، ٩٨). ئاخێوەری هەر زمانێک، بە سەلیقەی خۆی دەتوانێت زۆر وشە بەرهەمبهێنێت، بەڵام بەرهەمهێنان لە لایەن تاکەکەسەوە بەڵگەی بەبەرهەمی نییە، بەرهەمهێنانی تاکلایەنانە پەیوەستە بە بەرهەمیی یاسامۆرفۆلۆژییەکان لە لایەن تاکەوە بۆ واتاو مەبەستی پراگماتیکیی بەکاردێت(تاهیر (٢٠٢٢))(بڕوانە نموونەی (١)). کۆمەڵێک هەلومەرجی جیاواز هەن، کە یارمەرتی بەبەرهەمیی دەدەن: (چەشنی فرەجاریی بناغە گەنجاوەکان، (ڕوونی)ی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکیی، سروشت،...هتد). چونکە هەموو کات لێکدانی دوو وشەی فەرهەنگیی مەرج نییە وشەیەکی لێکدراومان بۆ بەرهەمبهێنێت، چونکە زۆر جار وشەکە هەر لە لێکداندا دەمێنێتەوە و نابێتە لێکدراو.بڕوانە نموونەی ژمارە(١. أوب و پ).

١) أ- پیاو + کوژ = پیاوکوژ (وشەیەکی لێکدراوی بەلێکسیمبوو.)

ب- ژن + کوژ = ژنکوژ.

پ. کوردستان، گۆڕستان، گوڵستان (وشەیەکی هەڵگوێزراوی بەلێکسیمبوو )

چونکە تێڕوانینی هەنوکەیی زمانی کوردیی نە(ژن_کوژ) نە (حیزبستان، کەرستان، گەندەڵستان) دەربڕێنێکی تاکلایەنانەن و نەبوونەتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، بەڵام لەوانەیە بەهۆی زۆربوونی کردەکە لە ئایندەدا پێشبینیی بوون بە (لێکسێم)ی سەربەخۆیان لێبکرێت. بەبەرهەمیی پیواژۆکە بۆ بەبەرهەمیی / کوژ/ و /- ستان/ دەگەڕێتەوە، کە لەبارییاندایە پیواژۆی لێکدان و هەڵگواستن بەرهەمبهێنن

## ٣: پرۆسەی لێکدان و بەبەرهەمیی پرۆسەکە و جیاوازی بەبەرهەمیی پرۆسەکە لە زمانی کوردیی و فارسییدا:

### ١/٣) لێکدان:

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لێکدان وەک پرۆسە لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا پرۆسەیەکی چالاکە، بۆیە زۆربەی زمانەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە واتای نوێوە پەنا بۆ ئەو پرۆسەیە دەبەن، چونکە هەموو زمانێک بۆ ئەوەی پێداویستی ئاخێوەرانی پربکاتەوە، پێویستی بەوە هەیە بەردەوام وشە و زاراوی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنێت، بۆیە بۆ ئەم بەرهەمهێنانە پێویستی بەرێگاکانی بەرهەمهێنانی وشە هەیە، کە پرۆسەی لێکدانیش یەکێکە لەو ڕێگایانە، وە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە ئەم پرۆسەیەی تیدا چالاکە، بۆیە لێکدان " یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا، بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە لکاوە تێکچڕژاوەکان، بۆیە ئەم پرۆسەیە تێیدا چالاک و بەبەرهەمە، ئەمەش لە هەریەک لە بەشەئاخاوتنەکاندا دەبینرێت"(عبدالرحمن، ٢٠٢٢، ٤٣). هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە وشەو دەربڕینەکانی ناسادە و لێکدراون، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردییەوە، بڕوانە" (البصير، ١٩٧٩، ٦٢). زۆربەی ناو و کردارەکان پەیوەست بە وشەی لێکدراوەوە، لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار، یان زیاتر لەفەرهەنگیی کوردییدا پەیدابوون. " ڕێگەی لێکدان، یەکێکی ترە لە ڕێگە پر بەرهەم و چالاکەکانی زمانی کوردی، لەسەر بنەمای لێکدانی دوو بناغەی سەربەخۆ، یان بناغەیەکی سەربەخۆو ڕەگێک بەهاوکاری مۆرفیمێکی بەندی لێکدەر، یاخود بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر دەدرێنە پاڵیەک و وشەیەکی نوێ بەرهەمدەهێنن، واتە ئەم ڕێگەیە بریتییە لە چوونەپاڵیەکی دوو وشە یان زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی یەک وشەی واتانوێ، کە بەشێوەی یەک وشە دەنووسرێت نەوەکو بەجیا، یان هێمای (تەقەڵ)ێک لە نێوان وشەکان دادەنرێت وەک ( long – haired)"(مستەفا، ٢٠٢١، ٥١).

کەواتە " وشە لەیەکدان لە مۆرفۆلۆژییدا بریتییە لە پرۆسە یان کردەی لەیەکدان و ئەنجامەکەی، کە لە ڕێی بەستنەوەی چەند تاکە توخمێکی سەربەخۆ(مۆرفیمی سەربەخۆ)وە، بەیاریدەی مۆرفیمی لێکدەر یان بەبێ ئەو مۆرفیمە دروستدەکرێت و بەدەستدەخرێت" (محوی، ٢٠١٠، ٨٢).

وشەی لێکدراو " لە زمانی فارسییدا ئاماژەیە بۆ ئەو وشانەی، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتوون بۆ دروستکردنی مانای نوێ. ئەم پێکەوەگرتنە دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر ڕووبدات، وەک لێکدانی دوو ناو، ناوێک و ئاوەڵناوێک، ڕەگی کرداور،.......هتد". نموونەی وشەی لێکدراو لە زمانی فارسییدا وەک:

١-آب میوە (آب + میوە)

٢- گل خانە (گل + خانە)

٣- ماشین نویس (ماشین + نویس)

٤- شب رو (شب + رو)

ئەم وشە لێکدراوانە بە زۆری وتایەکی سەربەخۆیان هەیە، کە دەتوانرێت لە واتای پێکهاتەکانیانەوە دەربهێنرێت، یان واتای وشە لیکدراوەکە بە هۆی پێکهاتەی وشە لێکدراوەکەوە بزانرێت.

هەر لەبارەی وشەی لێکدراو لە زمانی فارسییدا (دکتۆر خانلێری) لە کتێبی" مێژووی زمانی فارسی"دا نووسیویەتی " لێکدان بریتییە لە یەکگرتنی دوو وشە، کە هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆیان هەیە و لە کۆی ئەوانەوە واتای سێیەمی جیاواز لە واتا سەرەکییەکە بەدەست دێت. وەک:

١-جوال + دوز ⟵ جوالدوز

٢- جا + کاغذ ⟵ جاکاغذ

٣- سە + چرخە ⟵ سەچرخە. (خانلێری، ١٣٤، بەرگی یەکەم ).

لە فەرهەنگدا بە دروستکردنی وشەیەک لە بەشەکانی دوو وشەی تر یان زیاتر دەگوترێت وشەی لێکدراو واتە تێکەڵ لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ.

دکتۆر خانلێری لەبارەی وشەی لێکدراو دەنووسێت، هەرکاتێک ناوێک یان ئاوەڵناوێک دوو پێکهاتە یان زیاتری هەبێت، کە هەریەکەیان واتای جیاوازیان هەیە، پێی دەگوترێت وشەی لێکدراو.(ل، ١٦١، هەمان سەرچاوەی پێشوو).

### ٢/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان/Compounding / لە زمانی کوردییدا:

ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردییدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە پرۆسەکە بەسەر زۆربەی بەشەئاخاوتنەکانی زمانی کوردییدا جێبەجێدەبێت و یەکێکە لەو پرۆسانەی، کە لەزمانی کوردییدا بەبەرهەمەو هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگیی زمانی کوردی.

پرۆسەی وشەلەیەکدان/ Compounding.) لەیەکدان، "یەکێکی ترە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشە لە زماندا. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی لە ڕووی لەیەکدانەوە دەوڵەمەندەو لە هەموو بەشەئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو و کردارو ئاوەڵکرداردا جێبەجێدەبێت" (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٥٤).

لە زمانی کوردییدا پرۆسەی لێکدان بەم جۆرەیە

### ١/٢/٣) وشەی لێکدراو لە زمانی کوردییدا:

وەک پێشتر ڕوونکرایەوە لێکدان پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییەو دروستەکەی لەلایەن مۆرفیم و توخمە سەربەخۆکانەوە بەرهەمدێت. ئەگەرچیی لەناو ئەو پیواژۆیەدا توخمێک پرۆژەکە سازدەدات و خودی لێکدانەکە بەشێکی دەروازەی فەرهەنگیی ئەو توخمە دەبێت، بەوەش بەرهەمهێنانەکە لەو یاسایانەی خوارەوە هی (ناوو ئاوەڵناوو کردارەکان) دەبێت.

**١–ناو + ناو**

(شاهەنگ، دارگوێز، شاگوڵ، ماستاو، گوڵاو، چڵکاو، بەفراو، مارماسی، شاڕێ، شاکێو، شاژن، گەلامێو، داربەڕوو، ... هتد).( ئەحمد، ٢٠٠٩، ٥٤).

ئەم ناوە لێکدراوانەی سەرەوە ئەوەمان نیشاندەدەن، کە پرۆسەی لێکدان پرۆسەیەکی بەرهەمدارە لە زمانی کوردییدا، چونکە واتای وشە لێکدراوەکە جیاوازە لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٢).

هێڵکاری(٢)




وەک دەبینین بە لێکدانی ئەم وشانە وشەیەکی لێکدراوی واتا جیاوزمان بۆ بەرهەمهاتووە، بەڵام مەرج نییە لە زمانی کوردییدا هەمیشە بە لێکدانی دوو وشە وشەیەکی لێکدراوی واتا جیاوازمان دەستبکەوێت. وەک ئەم نموونانە ( هێلکەو تەماتە، سەرو قاچ، شا خانوو،..... هتد). بۆزیاتر ئاشنابوون بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٣).

هێڵکاری (٣)




هێڵکاری ژمارە (٣) ئەوەمان نیشاندەدات، کە مەرج نییە هەموو لێکدانێک ببێت بە لێکدراو، واتە وشەکان هەر لە لێکداندا دەمێنەوەو نابن بە لێکدراو، بەڵام ئەمە بۆ ئەمڕۆی زمانەکەمان وایە، لەوانەیە لە ئایندەدا ببن بە وشەی لێکدراو، ئەمەش بە پێی پێشکەوتن و پێویستی زمان ڕەنگدانەوەی دەبێت.

**٢- ئاوەڵناو + ناو:**

هەروەک لە لێکدانی دوو ناو وشەیەکی لێکدراومان بۆ بەرهەمهات بە واتای جیاوازەوە، بە هەمان شێوەش لە لێکدانی ئاوەڵناوێک و ناوێک وشەیەکی لێکدراو بە واتای نوێوە بەرهەمدێت، کە ئەمەش چالاکی و زیندویەتی زمانەکەمان نیشاندەدات، وەک ئەم نموونانە، ( ڕەشماڵ، سورگوڵ، ڕەشپێست، جوانەگا،... هتد). ئەگەر بڕوانینە ئەم وشە لێکدراوانە دەبینین، کە هەریەکەیان لە ئاوەڵناوێک و ناوێک بەرهەمهاتووە، بەڵام واتای وشەی بەرهەمهاتوو جیاوازە لە دانە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوە بەرهەمهاتووەکە، هەرچەندە تاڕادەیەک واتاکەی پێشبینیلێکراوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٤).

هێڵکاری (٤)




**٣- ناو + ڕەگی کار:**

یەکێکی تر لە بەرهەمداریەتی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا (ناو + ڕەگی کرداره). هەروەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، کە پرۆسەی لێکدان زۆربەی بەشەئاخاوتنەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوەو بەرهەمداریەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە. بڕوانە ئەم نموونانە لە خوارەوە.

(پیاوکوژ، قۆڵبڕ، دەستبڕ، گیرفانبڕ، ... هتد).

وەک لە نموونەکاندا دیارە وشە لێکدراوەکان لە (ناوێک و ڕەگێکی کردار) بەرهەمهاتوون، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٥).

هێڵکاری (٥)




هێڵکارییەکە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەم جۆرە لێکدانە واتە (ناو + ڕەگی کار) بەرهەمدارەو وشەی لێکدراو بە واتای نوێوە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ئەمەشیان بە هەمان شێوەی (ناو + ناو) دەکرێت هەموو کات بەرهەمدار نەبێت. بۆ نیشاندانی بەرهەمداریەتی پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسیشدا، لە پاری داهاتوو(٣/٣)دا تیشک دەخەینە سەر ئەم بەرهەمداریەتییە لە زمانەکەدا. بۆ زمانی کوردیی. بڕوانە ئەم نموونانە لە خوارەوە.

( ژن کوژ، منال کوژ. گوێ بڕ، قاچ بڕ، دار کوژ، ... هتد).

ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بکەین، دەبینین هەریەکەیان لە دوو وشە پێکهاتوون، بەڵام ئەم دوو وشانە وشەیەکی لێکدراویان بە واتایەکی جیاوز بەرهەمنەهێناوە، بۆیە پرۆسەی لێکدان لە لێکدانی ئەم وشانەدا پرۆسەیەکی چالاک و بەرهەمدار نییە، بەڵام هەروەک پێشتر باسمان کرد، ئەوە بۆ ئەمڕۆی زمانەکەمان وایە، مەرج نییە لە داهاتوشدا هەر بەم شێوەیە بێت.

### ٣/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسیدا:

بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسییدا بە واتای دەرئەنجامی پرۆسەی لێکدانەکەدێت لە زمانەکەدا، واتە نیشاندانی ئەو واتاو چەمکانەی، کە لە واتای کەرەستە بەشدار بووەکانی وشە لێکدراوەکەدا شاردراونەوە، لێکدان یان تێکەڵکردنی دوو وشە لە زمانی فارسییدا زۆر باوە و وەک تێکەڵەیەک لە دوو وشە یان زیاتر بەکاردێت بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ هەندێک لەو لێکدراوانە بە تێپەڕبوونی کات بوونەتە وشەی سەربەخۆ و لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەراندا بەکاردەهێنرێن (خلیلی ١٣٨٥، ل ٩٠ ). بە واتایەکی تر لە زمانی فارسیشدا هەموو لێکدانێک بەرهەمدار نییە، هەروەک چۆن لە زمانی کوردیشدا وەک پێشتر باسمان لێوەکرد هەموو لێکدانێک بەرهەمدار نییە، بەڵام زمانی کوردی لەوەدا جیاوازی هەیە لە زمانی فارسی، کە هەر لێکدانێکی بەرهەمدار، واتە وشە لێکدراوە بەرهەمهاتووەکە وشەیەکی لێکدراوی زمانی کوردییە، بڕوانە ئەم نموونەیە (دەست + نوێژ = دەستنوێژ) واتە نموونەکە ئەوەمان نیشان دەدات، کە وشە لێکدراوە بەرهەمهاتووەکەش وشەیەکی زمانی کوردییە و پەنامان بۆ زمانی تر نەبردووە، بەڵام هەر هەمان وشە لە زمانی فەرسییدا هەردوو کەرەستەی وشە لێکدراوەکە لە فەرهەنگی زمانی فارسییدا هەن، بەڵام بەلێکدانیان وشەیەکی بەرهەمهاتووی زمانی فارسیمان دەست ناکەوێت، بەڵکو پەنادەبەنە بەر زمانی عەرەبی، بەوەش پرۆسەی لێکدانەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وشەیە لە زمانی فارسییدا چالاک نییە، بڕوانە ئەم نموونەیە (دست + نماز = وضو). وضو وشەیەکی عەرەبییە و لە ئەنجامی لێکدانی هەردوو وشەی (دەست + نوێژ) وشەیەکی لێکدراوی زمانی فارسییان نییە، بەڵکو پەنایان بۆ وەرگرتن بردووە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی فارسی. بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٦).

هێڵکاری (٦)




وەک لە هێڵکاری ژمارە (٦)دا دیارە ئەوەمان نیشاندەدات، کە زمانی کوردیی لە پرۆسەی لێکداندا لە ڕووی بەرهەمدارییەوە جیاوازە لەزمانی فارسیی.

**١/٣/٣ ) وشەی لێکدراو لە زمانی فارسییدا:**

لێرەوە هەمان بنەما بۆ چالاکیی و دەستنیشانکردنی بەرهەم و بەبەرهەمیی لێکدان و وشە لێکدراوەکە لە زمانی فارسییدا دەخرێنە ڕوو:

**١-ناو + ناو:**

(دست + نماز= وضو، دهان + چشم = صورت). (عبالله پور، ٢٠٠٨، ١٣٥٨)

ئەگەر لەم نموونانەی سەرەوە وردبینەوە دەبینین پێکهاتەی وشە لێکدراوەکە واتە هەردوو وشەکە فارسین و توخمی فەرهەنگین لە زمانی فارسییدا، بەڵام بەلێکدانی ئەو دوو توخمە فەرهەنگییە لە زمانی فارسییدا وشەیەکی لێکدراوی زمانی فارسی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بۆ وشە لێکدراوە بەرهەمهاتووەکە پەنا براوەتە بەر زمانێکی تر، کە زمانی عەرەبییە (وضو، صورت) دوو وشەی زمانی عەرەبین، کە زمانی فارسی لە جیاتی هەردوو وشەی (دەستنوێژ، دەموچاو)وی زمانی کوردی بەکاریان دەهێنێت، ئەم نموونانە ئەوەمان نیشاندەدەن، کە زمانی فارسی لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی کوردییدا، کەواتە زمانی کوردی بەرهەمدارترە بەبەراورد لەگەڵ زمانی فارسی، ئەوە بە واتای ئەوەنا کە زمانی فارسی بەهۆی پرۆسەی لایکدان ناتوانێت وشەی لێکدراو بەرهەمبهێنێت، بەڵکو زمانی فارسیش توانایەکی بەرچاوی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو بەهۆی پرۆسەی لێکدانەوە، بەڵام پرۆسەکە لە زمانی کوردییدا چالاکترە بە بەرورد بە زمانی فارسی. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە بروانە هێڵکاری ژمارە(٧).

هێڵکاری (٧)



هێڵکاری (٧) ئەوەمان نیشاندەدات، کە زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو پێویستی بە وەرگرتنی وشەی زمانێکی تر نییە، بەڵام زمانی فارسی بۆ هەندێک لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو پێویستی بە وەرگرتنی وشەی زمانێکی تر هەیە بەتایبەت وشەی زمانی عەرەبی، بەوەش پێواژۆکە بۆ زمانی فارسیی هەمان وشە بەرهەمناهێنێت.
وە لە زۆر وشەی تری وەک ( ڕۆژ + هەڵات = شرق، ڕۆژ + ئاوا = غرب، ... هتد) ئەگەر لەم نموونانەش بڕوانین دەبینین بە هەمان شێوەی وشەکانی پێشتر پەنا براوەتە بەر وەرگرتنی وشە لە زمانی عەرەبی، کە توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم وشانەش لە فەرهەنگی زمانی فارسییدا توخمی فەرهەنگیین، وەک ( روز + فرار، روز + آفتاب)، بەڵام بە لێکدانی ئەم توخمە فەرهەنگییانە وشەیەکی لێکدراوی فارسی بەرهەمنەهاتووە، بەڵکو پەنا براوەتە بەر زمانی عەرەبی هەردوو وشەی ( شرق، غرب) وەرگرتووە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە فەرهەنگییەکەی. هەڵبەت بۆ وشەی (ڕۆژئاوا ) (باختەر) هەیە لە زمانی فارسییدا، بەڵام لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە بەکارناهێنرێت، هەر وشە عەرەبییەکە بەکاردەهێنن.

### ٢- ناو + ڕەگی کار:

هەروەک لە پاری پێشوتردا نموونەمان لەسەر ( ناو + ڕەگی کردار) لە زمانی کوردییدا هێنایەوە، لەم پارەشدا بۆ بەراوردکردن نموونە لەسەر ( ناو + ڕەگی کردار) لە زمانی فارسییدا دەهێنینەوە. ئەم دوو توخمە فەرهەنگییە وشەی لێکدراوی زۆرمان بە پرۆسەی لێکدان بە واتای جیاوازەوە بۆ بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانە بە شێوەیەکی گشتی و پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی گشت زمانێکە، چونکە هەروەک لە پارەکانی پێشتردا باسمان کرد، کە پرۆسەی لێکدان لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا پرۆسەیەکی چالاک و بەبەرهەمە.
نموونەی ئەو وشە لێکدراوانەی کە بە لێکدانی (ناو + ڕەگی کردار) بەرهەمدێن لە زمانی کوردییدا و بە بەراورد لەگەڵ زمانی فارسییدا.
نموونەکانی وەک ( پیاوکوژ، گیرفانبڕ، قوڵبڕ، خۆفرۆش، نوێخواز، وێنەگر، دەستکورت ... هتد)، کە لەبەرامبەردا لە زمانی فارسی ئەم وشانە بەم شێوەیە هەن، کە پەنایان بۆ زمانی عەرەبی بردووە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی و پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکەیان کە زمانی فارسییە، چونکە لە زمانی فارسییدا هاوشێوەی زمانی کوردیی، پرۆسەی لێکدان لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە وشانەدا بەرهەمدارنییە. لە بەرامبەر ئەم وشانەی سەرەوەدا کە لە زمانی کوردییدا هەن لە زمانی فارسییدا بەم شێوەیەن. ( قاتل، صارق، خائن، مبتکر، عکاس، ضیقت ... هتد). (عبدالله پور، ٢٠٠٨، ٩٧٤). (زۆربەی وشەکان لە فەرهەنگی هەژیر وەرگیراون)
کەواتە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە پرۆسەی لێکدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە ڕووی بەرهەمدارییەوە جیاوازی هەیە، بەتایبەت لە نێوان زمانی فارسیی و زمانی کوردییدا، کە کاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەم جیاوازییە.
بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە هەندێک لەم وشانە بە هێڵکاری دەنوێنین، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٨).

هێڵکاری(٨).



به پێی هێڵکارییەکە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە لە بەرهەمهێنانی ئەم وشە لێکدراوەدا، کە بەرهەمهاتوویەکی پرۆسەی لێکدانە لە دوو توخمی فەرهەنگیی زمانی کوردییدا، کە (پیاوکوژ)ی بەرهەمهێناوە، بەڵام هەمان دوو توخمی فەرهەنگیی بە پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسییدا (پیاوکوژ)ی بەرهەمنەهێناوە بە زمانەکە، بەڵکو ئەنجامی لێکدانەکە بێ بەرهەمە لە زمانەکدا، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر وەرگرتنی وشە لە زمانی عەرەبی بەبێ دەستکاری وەک خۆی، کە ئەویش (قاتل)ی عەرەبییە. لێرەدا جیاوازیی زمانی کوردیی و زمانی فارسیی بە دەردەکەوێت لە بەرهەمدارییەوە لە پرۆسەی لێکداندا، کە پرۆسەیەکی بەبەرهەمە لە زوربەی زمانەکانی دونیادا.

ئەگەر نموونەیەکی تر بە هێڵکاری ڕوونبکەینەوە وەک نموونەی (عکاس)ی فارسیی و (وێنەگری)کوردی، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٩).

هێڵکاری(٩).




لەم هێڵکارییەشدا بە هەمان شێوەی هێڵکاریی پێشوو ئەوەمان نیشاندەدات، کە پرۆسەی لێکدان لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراوی (وێنەگر)دا لە زمانی فارسییدا پرۆسەکە پرۆسەیەکی بەرهەمدارنییە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر زمانێکی وەک زمانی عەرەبیی بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە فەرهەنگییە لە زمانەکەدا، دیسان ئەوەی نیشانداین، کە زمانی کوردیی لە زمانی فارسیی بەرهەمدارترە لە پرۆسەی لێکداندا بۆ بەرهەمهێنای وشەی نوێ بە واتای نوێوە. بۆ وشەکانی تریش بە هەمان شێوەی ئەم دوو وشانەی کە بە هێڵکاری ڕوونمان کرنەوە هەر هەمان شتن بۆیە پێویستی نەکرد هێڵکاری بۆ تەواوی وشەکان بکەین، لە بەرامبەر وشەی (صارق)دا لە زمانی فارسییدا وشەی (دزد)و (جیببر) هەیە، بەڵام ئاخێوەرانی زمانی فارسیی هەر وشەی (صارق) بەکاردەهێنن هەم لە نووسین و هەم لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەیاندا.

وشەی ترمان یەکجار زۆرە، کە زمانی فارسیی پەنای بردۆتە بەر زمانی عەرەبیی وەک ئەم نموونانە (دەستخۆش—متشکر، ڕووکەش—سطحی، خۆشحاڵ—سعید، پشوودرێژ—صابر، ڕاستگۆ—صادق، گوێڕایەڵ—مطیع، کڕیار—مشتری، بیرکۆڵ—ضعیف الذاکرە، هاتوچۆ—عبور و مرور، ...هتد) وشەی لێکدراو زۆر زۆرە، کە لە ئەنجامی پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسییدا بەرهەمناهێنرێن بۆیە بەناچاری پەنایان بردۆتە بەر وەرگرتنی وشە لە زمانێکی تر بەتایبەت زمانی عەرەبیی، چونکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە وشانە پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسییدا پرۆسەیەکی بەرهەمدار

نییە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پەنایان بۆ وەرگرتنی وشەی بیانی بردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە پرۆسەی لێکدان بۆ هەموو وشەیەکی لێکدراو لە زمانی فارسییدا ئاوا بێ بەرهەمە، ئێمە تەنها ئاماژەمان بە چەند وشەیەک کردووە، کە پەنایان بۆ زمانی عەرەبیی بردووە، ئەوەش تەنها لە بەدیارخستنی جیاوازی پرۆسەکە لە نێوان هەردوو زمانی فارسیی و کوردییدا.

ئەمە لە زمانی کوردیشدا تارادەیەک بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بە بەراورد بە زمانی فارسی زمانی کوردی لە پیواژۆی لێکداندا زۆر چالاکترو بەرهەمدارترە، چونکە زۆربەی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی بەرهەمی پرۆسەی لێکدانن، هەروەک ئاماژەمان پێدا، کە پرۆسەکە پرۆسەیەکی چالاکە لە زمانی کوردییدا، بەڵام زمانەکەمان لەو رووەوە بێ کەموکوڕی نییە، بۆزیاتر ئاشنابوون بە بابەتەکە بڕوانە هێڵکاری (١٠).




هێڵکاری (١٠) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زمانی کوردیش بۆ ئەم بابەتە پەنا دەباتە بەر زمانەکانی تر، وەک (زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، ... هتد)، هەروەک نموونەی تری وەک: (سلاجە، سپلیت، موبریدە .....هتد). بەڵام بە بەراورد بە زمانی فارسی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا زۆر چالاکترە.

## ئەنجام:

1–نەماکانی لێکدان پێشینەیەکی فەرهەنگییان هەیە، بارگەخستنێکە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی وشەی لێکدراو، کە توخمە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە لێکدان و لێکدراوییەوە خۆیان هەڵگری زانیاریی فەرهەنگیین. بۆ زمانی کوردیی پیواژۆکە چالاکەو توخمە فەرهەنگییەکانی جگە لە هەڵگری زانیاریی سینتاکسیی زانیاریی مۆرفۆلۆژیشیان تێدایە، بەوەش بە کەمیی دەروازە لەبەردەمی هاتنی وشەی بێگانەدا دەکرێتەوە. بەڵام ناچالاکیی توخمەکەو پرۆسەکەش/پێواژۆکەش لە فارسییدا وایکردووە، مۆرفۆلۆژێکەیان کەمبەرهەم بێت و وشەی بێگانەش جێگرەوی پرۆسەکانیان بێت.

2–هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بۆ دیاریکردنی ئەو پرۆسەیەو بەبەرهەمی خودی پرۆسەکەو ئەو توخمانەیە، کە لە لێکدان پاشان لێکدراودا ڕۆڵیان هەیە. تاقیکردنەوەی پرۆسەکەو توخمە فەرهەنگییەکان لە چالاکیی مۆرفۆلۆژیی کوردییدا

بەبەرهەمیی توخمە فەرهەنگیی و پرۆسەی لێکدانی سەلماندووە، بەجۆرێک ئەگەرچیی هەمان بنەما بەسەر زمانی فارسییدا جێبەجێکراوە، کەچیی لە زمانی فارسییدا پرۆسەکە بۆ بەرهەمهێنانەکە کەمچالاکەو زمانەکە پشت بە هێنان و هەژمووونی زمانی عەرەبیی دەبەستێت.

## سەرچاوەکان:


**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

- ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.
- بژوێن یەحیا محەمەد (٢٠١٦)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٥)، زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)،ژمارە (٤٦).
- ڕۆژان نوری عەبدولا (٢٠١٣)، فەرهەنگیی زمان و زاراوەسازی کوردیی، جاپی دووهەم، چاپخانەی چوارچرا.
- ژاڵە عەبدولا طاهیر (٢٠٢٢)، دەروازەو زانیاری مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلیمانی، سلێمانی.
- سازان زاهیر سەعید (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی.
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و دلشاد محمد غەریب، (٢٠٢١)، مەرجی مۆرفۆلۆژیی لە پرۆسەی بەوشەبووندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣).
- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٤)، زانیاری زمانی و پێڕەوی نیشانەکردنی لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٤٥).
- عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، لێکسیکۆلۆژیی، چاپی دووهەم، هەولێر.
- کامیل حسن البصیر (١٩٧٩)، زاراوەی کوردیی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحەمەد مەحوی (٢٠١٠)، شکانەوەی کردار، زانکۆی سلیمانی، سلێمانی.
- مستەفا ڕەزا مستەفا (٢٠٢١)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.
- مستەفا حمە عەبدولڕەحمان (٢٠٢٢)، دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٩)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
- هەژیر عەبدولا پوور (٢٠٠٨)، فەرهەنگیی هەژیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

**سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:**

- خانلێری (١٣٨٠)، تاریخ زبانی فارسی، بەرگی یەکەم و دووهەم.
- کامیبان خلیلیی (١٣٨٥)، فرهنگ و واژەسازی در زبان فارسی، بەرگی دووهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سحاب، تهران.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

- Bauer, L, (2001), Morphological Productivity, first Edition Cambridge University Press

# فعالية عملية إنتاج الكلمات المركبة وعناصرها في اللغتين الكوردية والفارسية

**مصطفى حمه عبدالرحمن**
ق اللغة الـ دية، ـ لـة الـ ـة الاساسـة، جامعة راپ –
رانـة– إقلـ دسـان –العـاق
mustafa.hama@uor.edu.krd

**ملخص**
هـ ه الـ راسة الـ ع نقـبـ(فعالـة عـ لـة إنـاج الـ لـ ات الـ ـة وعـاصـ هـا في اللغـ الـ ـردـة والفارسـة) تـ ـاول عـ لـة تـ الـ لـ ات ومـ فعالـ ـهـا في اللغـ .
تـّ تـ خـ ات الـ راسة لـ يـ هـ ه العـ لـة وتـاجها، وتـ يـ هـ ه العـاصـ الّـي لـها أثـ في عـ لـة الـ والـ ـّ ، ومـ ثـّ تـ تـ الفـ ة نفـ ـها على اللغة الفارسـة.
وقـ بـ ا للـ راسة أنّ العـ لـة والعـاصـ الـ ـة الـ تـ ـة إنـاج الـ والـ في اللغة الـ ردـة فعالـة جـ ا، تـ عـ اللغة الـ ردـة الـ ائـ الـ ـة لهـ ه العـ لـة الإنـاجـة، وعلى عـ ذلـ نـ نـ أن العـ لـة نفـ ـها غـ فعالة في اللغة الفارسـة، إذ تعـّل الفارسـة على اسـعارة الـ لـ ات في اللغة العـ ـة لأداء الـ ـفة نفـ ـها.
على الـ غـ مـ اعـ ـاد الـ راسة على الـ ـهج الـ صفي الـ ـلي، قامـ الـ ـقارنة بـ اللغـ ، وـ ـا تـّ الإشارة إلـها سـا قا، أن الـ راسة اعـ ـت في أخـ العـ ـات على اللغـ الـ ردـة والفارسـة الـ سـ .

**الكلمات المفتاحية:** الـ ـعـ ، العـاصـ الـ ـعـ ـة، الفعالـة، الـ ، العـ لـة الـ ـة.

# The Process of Productivity and Elements in the Formation of Compound words in Kurdish and Persian

**Mustafa Hama Abdalrahman**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region Iraq.
mustafa.hama@uor.edu.krd

Abstract
The research which has been devoted to a topic entitled *The Process of Productivity and Elements in the Formation of Compound words in Kurdish and Persian* aims to identify the process of compounding and its productivity in Kurdish and Persian. The steps of the research has been designed to determine this process and its productivity, along with the elements involved in compounding, and their roles in the formation of compound words. Successively, the same basis has been applied to Persian. The research has found out that the process and morphological elements of Kurdish related to the formation of compounds, and the resulting compounds and alternative morphological forms used in formation are compared. In contrast, in Persian, the process of formation is less active and the language depends on the hegemony of Arabic and the process of borrowing from that language. The research, despite using descriptive and analytical method, has compared these two languages. As previously mentioned, the research material has been taken from both standard Kurdish and Persian.
**Keywords:** Dictionary, Lexicographical Information, Productivity, Compounding, Morphological Process.